**بۆ بلاْوكردنەوەی خێرا**

## عێراق :هێزەكانی ئاسایشی كوردستان ئەشكە نجەی دەستگیركراوان دەدەن

### پێویستە حكومەتی هەرێم كۆتایی بهێنێت بەخراپ مامەڵەكردنی دەستگیركراوو پێشێلكردنی پرۆسەی یاسایی

(نیویۆرک.٣ تەموز ٢٠٠٧)لەراپۆرتێکدا کە ئەمڕۆ بلاْویکردەوە, رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند کەهێزەکانی ئاسایشی کوردستان لەباکوری عێراق بەشێوەیەکی رۆتین ئەشکەنجەی دەستگیرکراوان دەدەن و مافی یاساییان پشتگوێ دەخەن.

رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کۆتایی بهێنێت بە ئەشکەنجەدان و خراپ مامەڵەکردن لەگەلْ دەستگیرکراوانی ژێردەستی هێزەکانی ئاسایش.پێویستە دەسەلاْتدارانی کورد بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان مامەڵە لەگەلْ دەستگیرکراوان بکەن و دڵنیا بکەنەوە کەمافی یاسایی خۆیان وەردەگرن و دادپەروەرانە دادگایی دەکرێن.

راپۆرتێکی ٥٨ لاپەڕەیی بەناونیشانی "کەوتنەبەر گێژەلول: ئەشکەنجەدان و پێشێلکردنی مافە یاساییەکان لەلایەن ئاسایشی کوردەوە" بەڵگەنامەکردنی خراپ مامەڵەکردنێکی فراوان و سیستامتیکی دەستگیرکراوان و پێشێلکردنی مافە یاساییەکانیانە لەگرتوخانەکاندا لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی کوردستانەوە.راپۆرتەکە لەسەر بنەمای بەدواداچونێک ئامادەکراوە کە لەنیسان بۆ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦ لەهەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە لەگەلْ چاوپێکەوتنی زیاتر لە ١٥٠ دەستگیرکراو.

رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ نیگەرانیەکانی خۆی گەیاندە سەرکردەکانی حکومەتی کوردستان,لەناویاندا مەسعود بارزانی,سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لیژنەیەکی حکومی پێکهێنا بۆ ئەنجامدانی سەردان و پشکنینی ژمارەیەک لەگرتوخانەکان لەسەرەتای ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦.

سارالی ویتسن,بەرێوەبەری بەشی رۆژهەلاْتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا لە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ وتی "هێزەکانی ئاسایشی کوردستان بەشێوەیەکی رۆتین دەستگیرکراوان دەخەنە بەر ئەشکەنجەو خراپ

مامەڵەکردنی دیکە," هەروەها وتی "هەرچەندە دەسەڵاتدارانی کورد هەنگاوی جدیان هەڵهێناوە بۆ باشـــکردنی باری ناو گرتوخانەکان,پێویستە کاری زیاتر بکەن بۆ راگرتنی کرداری ئەشکەنجەدان.پێویستە حکومەت سزای ئەو کارمەندانەی گرتوخانەو لێکۆڵەروانە بدات کە بەرپرسن لەخراپ مامەڵەکردن."

پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوو پارتی ســـەرەکین لەهەرێـــمی کوردســـتان و هەریەکەیان هێزی ئاسایشی خۆی هەیە کە بە ئاسایش ناسراون.هەردوو ئاسایشی پارتی و یەکێتی لەدەرەوەی دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێـــمەوە کاردەکـــەن و ســـەدان دەســـتگیرکراویان دەستبەســـەر کردووە.بەتایبەتی کەسانێک کە بەگومانی کردەوەی تیرۆریستی دەستگیرکراون.

لەکاتی چاوپێکەوتندا لەگرتوخانەکانی ئاسایش,دەستگیرکراوان بە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤیان وت کە کارمەندانی ئاسایش بە توڵی کانزایی و ئامێری دیکە لێیانداون,بۆ ماوەی درێژخایەن خستویانەتە سەرباری فشار و بەردەوام بۆ ماوەی چەندین رۆژ بەچاوبەستراوی و دەستبەسراوی هێشـــتویانەتەوە.زۆربـــەی ئـــەو دەستگیرکراوانەی کە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ قسەی لەگەڵ کـــردن وتیـــان کـــە بۆمـــاوەی درێژخایەن خراونەتە زیندانی تاکەکەسی.لەهەندێ حاڵەتدا نەبێ, رێکخراوی چاودێـــری مافـــەکانی مـــرۆڤ بۆیدەرکەوت کە باری ناو گرتوخانەکانی ئاسایش زۆر قەرەباڵخ و ناتەندروست بون.

هەروەها رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ بۆیدەرکەوت کە ئاسایش سەدان دەستگیرکراوی لەبارێـــکی یاسایی هەڵواسراودا هێشتوەتەوە بەبێ مافە یاساییەکان,لەناویاندا مافی پرسیارکردن لەدەستگیرکردنیان.لەکەیسی زۆربەی ئەو دەستگیرکراوانەی ئاسایش کە رێکخراوی چاودێـــری مافـــەکانی مـــرۆڤ بەدواداچـــونی بـــۆ کردن,دەسەڵاتدارانی کوردستان دەستگیرکراوانیان تاوانبار نەکردوە بە هیچ تاوانێـــک,یـــان ئـــەوەی بهێـــڵن پەیوەندیان بە کەسوکارو پارێزەرەوە هەبێت,یان بیانبەنە بەردەم دادوەری لێکۆڵەر,میکانیزمێک فەراهەم بکەن تاوەکو دەستگیرکراوان داوای پێداچونەوەی دەستگیرکردنیان بکەن یان ئەوەی لەماوە کاتێـــکی گونجـــاودا دادگاییان بکەن.

بەهەمان شێوە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لێکۆڵینەوەی لەهەندێ حاڵەت کرد کە دیار بوو دەسەڵاتدارانی کوردستان وەک بارمتە خزمی کەسانێکیان دەستگیرکردبوو کە بەتۆمەتی کردەوەی تیرۆریستی بەدوایاندا دەگەڕان.لەحاڵەتی دیکەدا زیندانیی حوکمدراو ماوەی حوکمەکەی تەواو کردبوو,بەڵام لەزیندانـدا مابویەوە,یان دەستگیرکراوانێک کە دادگایی کرابون و تەبریەکرابون بەڵام هەر دەستبەسەر بوون.زۆربەیان زانیارییان نەبوو دەربارەی باری یاساییان,چەند بە دەستبەسەری دەمێننەوە یان چیان بەسەردێت.

سارالی ویتسن وتی "پێویستە دەسەڵاتدارانی کوردستان حوکمی دەستگیرکراوان بدەن بەتاوانکاری یان ئازادیان بکەن.پێویستە دەستگیرکراوان بتوانن پرسیار لەبنەما یاساییەکانی دەستگیرکردنیان بکەن و دادگاییەکی خێراو دادپەروەرانە بکرێن لەسەر ئەو تۆمەتانەی دەخرێتە پاڵیان."

لەتەموزی ٢٠٠٦ دا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بریاری لەسەر یاسای دژە تیرۆر دا لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا (یاسای دژە تیرۆر) کە زنجیرەیەکی فراوان لەتاوانکاری بە تیرۆریزم لەقەڵەم دەدات.ئەم یاسایە باری یاسایی ئەو کەسانە رون ناکاتەوە کە بەتۆمەتی کردەوەی تیرۆریستی پێش دەستبەرکاربونی یاساکە دەستگیرکراون.لەناویاندا ژمارەیەک گومانلێکراو هەیە کە لەئەنجامی چالاکی هاوبەشی هێزەکانی سوپای عێراق و ئەمریکادا دەستگیرکراون و دواتر گواستراونەتەوە بۆ ژێر چاودێری دەسەڵاتدارانی کوردستان.

سارالی وتی "پێویستە دەسەڵاتدارانی کوردستان پێوەری رون دابنێن بۆ هەڵسەنگاندنی باری یاسایی ئەو گومانلێکراوانەی تیرۆریزم کە پێش یاسای دژە تیرۆر دەستگیرکراون.هەروەها پێویستە لیژنەی قەزایی سەربەخۆ دیاری بکەن بۆ پێداچونەوەی کەیسی سەرجەم دەستگیرکراوان."

لەماوەی ئەو مانگانەی کە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ بەدواداچونی بۆ ئەم راپۆرتە دەکرد,کفتوگۆی بەردەوامی کرد لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کوردستان و سوپاس و پێزانینی ئەو هاوکارییانە دەکات کە بەرپرسانی هەردوو پارتی و یەکێتی پێشکەشیان کرد.پارتی و یەکێتی هێشتیان ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ بچێتە سەرجەم گرتوخانەکانی ئاسایشەوەو کارئاسانیان کرد بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی ئاسایش و بەڕێوەبەرانی گرتوخانەو راوێژکاری یاسای و کەسە پەیوەندیدارەکانی دیکە.هەروەها ڕێکخراوی

چاودێری مافەکانی مرۆڤ بەو لێبڕانانە دەزانێت کە دەسەڵاتدارانی کوردستان نواندیان بەرامبەر ئەو نیگەرانیانەی کە لەم راپۆرتەدا باسکراون.لەماوەی ساڵی رابردودا بەرپرسانی ئاسایش پێداچونەوەی لاوەکیان کردوە بۆ کەیسی دەستگیرکراوان و چەند کۆمەڵێ دەستگیرکراویان ئازاد کردووە کە زۆربەیان بەبێ پرۆسەو مافە یاساییەکان هێڵرابونەوە.

لەکاتێکدا کە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ پێشوازی لەهاوکارییەکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان دەکات,ئەم هاوکاریانە ماویەتی ببنە هۆی باشبونێکی بەرجەستە بۆ زۆربەی دەستگیرکراوانی ناو گرتوخانەکانی ئاسایش و کورتی هێناوە لەئەنجامدانی پێداچونەوەی قەزایی بێ لایەنانەی باری یاسایی ئەو دەستگیرکراوانەی کە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ وەک مەسەلەیەکی گرنگ و خێرا پێشنیاری کردون.

**بۆ بینینی راپۆرتەکەی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ " بەناونیشانی "کەوتنەبەر گێژەلول: ئەشکەنجەدان و پێشێلکردنی مافە یاساییەکان لەلایەن ئاسایشی کوردەوە" تکایە سەردانی ئەو لینکەی خوارەوە بکە:**
http://hrw.org/reports/2007/kurdistan0707/